# ڕەخنەگرتن هونەرە

## نووسینی / مەهدی ساڵح



ڕەخنــەگرتن کردارێکــە هەمیــشە پێویــستی بــە شیکردنەوە و بەدواداچوونە، بەر لە هـەموو شـتێکیش دەبـێ بخرێتـە نێـو قـاڵبێکی هونـەری بـەو مانایـەی پێویـستە لەچوارچـێوەیەکی زانـستیانە و بابەتیانـە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، مرۆڤی نێو کۆمـەڵگا بێبـەش نییە لە ڕەخنەگرتن، ئەمەشیان لـەژیانی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و ڕۆشـنبیری و سیاسـیدا خـۆي دەنـوێنێ کەسـێك لـەبوودنا نییـە کـە کـەموکوڕي و هەڵـەی نـەبێت، بۆیـە ڕەخنـە ئاراسـتەی سـەرجەم کەسـەکان دەکرێ، زۆربەی جاران ڕەخنـەگرتن لەسـەر شـێوازی زارەکـی دووچـاری هـەموو مرۆڤێـك دەکـرێ، ڕەخنـەگرتن دەبـێ بەشـێوەیەکی هێمنانە و دوور لـە هەڵـچون و دەمـارگیري بەڕێوەبـچێ، نابێـت ڕێگـای ناوزڕانـدن و لەکـەدارکردنی کەسـایەتیەکە پـەیڕەو بکرێـت، بـەڵکو پێویـستە دیـاری بکرێـت کـە فلانـە کـەس بـەهۆي هەڵـسەکەوتێکی نـاجۆر و دوور لـە پێویـست کـارێکی جێبـەجێ نـەکردووە، ئەمەشـیان مایـەي نیگـەرانی و دوو دڵـی پەیـدا کـردووە، گـەلێ جاران لەسەر ئاستی کۆمەڵایـەتی هەندێ کـەس تووشـی هەڵەی وا دەبن کە تـا لەژیانـدا مـاون بەشـەرمەزاری و ترسـنۆکی ناویـان دەبـەن، بـەڵام دەبـێ لەسـەر ئاسـتی ڕۆشنبیري ڕەخنەگرتن شێوازێکی تر وەربگیرێت، زۆرجاران باس لە ڕەخنەی بنیاتنانەوە دەکرێت کە دووربێت لە ڕەخنەی تێکـدەر و ڕوخێنەر، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوەکان تا دەگاتە کتێبێکیش کە لاپەڕەکانیان بۆ ڕەخنەگرتن تەرخانکراون، لـە سـەدەکانی ڕابردوو تادەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان گەلێ شاکاری ئەدەبي و هونەری سووکایەتیان پێکراوە، هەندێ کـەس پێیـان وابـوو کـە ئـەم نووسینانە بەهیچ شێوەیەك شایەنی بلاوکردنەوە نین، پاشان بەهۆي داهێنان و لێهاتوویي دانەرەکانیان شوێنێکی گونجاو و فراوانی

لەسەر ئاستی رۆشنبیري جیهاندا پڕکردۆتەوە و بۆتە زمانی سەردەم و هاوچەرخی کۆمەڵگای جیهانی، هیچ کردارێك ناتوانێ لە هەموو لایەنێکەوە بگاتە ئاستي لوتکە، بەڵکو هەڵە و پێداچوونەوەی پێویستە، بەمەش رەخنەگرتنیش دەبێ نرخی پلە و پایەي نووسینەکەی لەبەرچاو بێت و لەئاستی ئەودا کارەکە بکات، رەخنەگرتن هونەرە و لەکاتی پەیڕەوکردنیشي پێویستە بە هونەریانە مامەڵە لەگەڵ رەخنەگرتن بکرێت، رۆژانە خەڵك بە جیاوازی بیر و بۆچوون رەخنە ئاراستەی دەزگا حکومیەکان دەکەن، هەرچەندە گرنگی و بایەخی لەوەدایە کە رەخنەگرتن بگاتە شوێنی مەبەست و ئەو لایەنەش بەچ شێوەیەك ئەم کردارە قبوڵ دەکات، هەموو کەس مافي خۆیەتی رەخنە بگرێت، بەڵام لەچوارچێوەیەکی زانستي و هونەری و بابەتیان بێت، رەخنەگرتن دەبێ خاوەن بەڵگە و ئامراز بێت، ئەگەر بە قسەش بێت، پێویستە لەم خانەیە دوور نەکەوێتەوە، لە کۆمەڵگای ئێمە چونکە لە بەها شارستانی و مەدەنیەوە دوورین و راوبۆچوونی جیاوازی بەرامبەرمان قبوڵ ناکەین، بۆیە رەخنەگرتن شێوەیەکی نزم و سستي بەرکەوتووە، هەروەها بە بەردەوامی زۆربەی خەڵکەکە، هەمیشە دەڵێ (من) زۆر بە کەمی باس لە (ئەو و ئەوانی تر)، یاخود (ئێمە) دەکات، بەم شێوەیە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی سەقەت و لاواز و بێ بەرهەمە، لەسەر هەموو کەسێك پێویستە پێش ئەوەی بخەويٚ رەخنە ئاراستەی خۆي بکات و بیر لە هەڵەکانی خۆي بکاتەوە کە ئەمڕۆ چیکردووە.